هەرەم وادەی دابەشکردنی بەشئاردی حەوتەم و بەشخەراکی پێنجەم راگەیاند

وەزارەتی بازرگانی هەرەم ،وادەی دابەشکردنی بەشئاردی حەوتەم و بەشخەراکی پێنجەمی ئەمساڵ راگەیاند.

ئەمڕۆ یەکشەممە، نەوزاد شێخ کامیل، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی وتی، بەیاری دابەشکردنەکە دراوە، گەنمەکە لە کەرکوك دەهێندرێت و دەدرێتە ئاشکان، دوای تاقیکردنەوە، ئۆکات بەسەر بریکارەکان دابەش دەکرێت و لەم هەفتەیە دەگاتە دەستی هاوڵاتیان.

ئاماژەی بەوەشکردووە، ماددەکانی بەشخەراک هەمووی بەردەستن و پشکنینیان بە کراوە و بە تەواوی دابەش دەکرێن.